# سیستەمی دەستەجەمیی(١) کۆمەڵایەتی،

# دەستەگوڵی کوردە بۆ مرۆڤایەتی!.

بەختیار مام حەمید..

**(با بگەڕێینەوە بۆ سروشت و مرۆڤێتیی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی ژینگە لێمان دڵگران و زویر نەبێت..)**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژوو،یان ڕونتر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤی هۆشمەند کە پتر لە پێنجسەد هەزار ساڵە،دەبینین مرۆڤ لەو دەمەداو لە کۆمەڵگادا بە شێوەی سروشتیی یان ڕاستێتیی خودی مرۆڤ بە پێشەنگایەتیی ژن ژیاوە کەمترین و سادەترین کێشەو گیروگرفتی هەبووە،هەموو کارەکانی بە شێوەی دەستەجەمی و کۆکاری و گەلەیی و هەرەوەزی و دەسەواو نۆرەو هتد...ئەنجامداوە،تەمەنی دەسەڵات و دەرکەوتی حوکمی تاك و پێشتگوێخستنی ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥هەزار ساڵ و زۆرترین کوشتن،ستەم،داگیرکاری،کۆیلایەتی،زوڵمی چینایەتی،ناوچەگەرێتی،تاکڕەوی و دیکتاتۆری،ژنکوژی،دیلکردنی بیری لاوان،بەرهەم هاتوە!

مرۆڤ کاتێك خۆی فەرمانداریی خۆی کردوە ئابوریی بە گشت شێوەکانیەوە خستۆتە خزمەتی مرۆڤایەتی و ئابوریی کردوەتە (ڕێچکەیەك) و مرۆڤایەتیی کردۆتە (ئامانج) بە پێچەوانەی دەسەڵات کە مرۆڤ دەکاتە (ڕێچکە) و ئابوریی دەکاتە (ئامانج)،ژیان لای مرۆڤە کۆنەکان واتای تایبەت و تامی ڕاستەقینەی هەبووە،هەموو شتێك بە هەرەوەزی و هەموو کارێك بە شێوەی (نۆرە،نۆبە،نۆبەت،سەرە) بەڕێوەچوەو کەمترین ئاستەنگ وەپێش هاتوە!

ئەم شێوەژیانە یان ئەم سیستەمە (دەستەجەمیی کۆمەڵایەتی) نەك لە وڵاتی کوردستان(٢) (وڵاتی شاخ و ڕۆژو کشتوکاڵ و ئاوازو هەنگوین و قەڵاو ژن و ئاگر و ئاشتی و هتد(٣)...) ڕەنگی داوەتەوەو پێشکەوتوەو بەس،بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی ژیانی یەکسان و دەسەجەمیی مرۆڤایەتی و هاوکاری و یارمەتیی ئاسانکاریانە وڵاتی کوردستانە،کوردستان چاوگەی یەکسانیی کارو هەق یان ئەرك و مافە،لە کوردستان بێجیاوازی لە نێوان هەموو ڕەنگ و چینەکان و ڕەگەزەکاندا لە هەرەوەزییدا نەبووەو شوێنەوارەکانیشی گەواهیدەرو بەڵگەی ئەو ڕاستیەن،مانەوەی وشەو کارەکانی وەك (کارەلی یان کارگەلی،نۆرەڕان،گەلەدرەو،دەسەوا،جەمکاری،هەرەوەزی،دۆینەنانەوەی ژنان،گەلەجووت،گەلەدەس،گەلەکاروان،دەسەوای کاکێشان و شەنکردن و گێرەو قورکاریی،هاوشانیی ژنان لە دەشتودەرو ماڵ لەتەك پیاودا،جەماوەرو جەماو جەمین و گشتانەو هتد..،) لە ناو لادێکانی کوردستانی گەورەدا نیشانەی سەلمێنەری سەرچاوەبوونی کوردستانە بۆ سیستەمی دەستەجەمیی کۆمەڵایەتی،

مرۆڤ لە ناو کارەیلی دەسەجەمییدا بە تەواوی ژیان،بوون،ناسنامە،ئازادی،خۆسەریی،جوڵە،داهێنان،تێکۆشان،ئاکار،سنووری پارێزراوەو هەموو تایبەتمەندیەکانی ڕەنگی خۆی لێدراوە،نەك هەر ئەمە بەڵکو ژیانی لەسەر بنەما (بێخ)ی مرۆڤ هەر مرۆڤە،تەواو پێشخراوەو پەروەردەش

كراوە،كاتێك مرۆڤ لە هەست دەكات بۆ هەر كارێك هەمووان هاوكاریی دەكەن و بەكاری خۆی دەزانن،كارەكەی بۆ ئەنجامدەدەن بە هاسانی و بیَ منەت و بۆڵەی دەوروبەر،كاتێك ژن هەست بە یەكسانیی لە ئەرك ومافدا دەكات،ئیتر هەویَجە(چۆكدادان و نوزانەوە)ی بە پارەو هاوكاریی مەبەستدارو نان و ژیانی كولەمەرگیی و لە نیَویشیاندا بە كۆیلایەتی نابێت بۆ پیَویستییەكانی ژیانی،بۆیە فرە روونە لەم سیستەمە كوردییە ئاسودەهاوەرەدا سیستەمە ناقوڵاكانی كۆیلایەتی و ستەمی چینایەتی و چەوساندنەوی ژن بنپیَ و رِسوا كراوە،هەر ئەمەش وای كردوە كە ژنان لە سەر ناوی (دایك،داڵك) لە زۆر شویَن و دەڤەرو جیَگای كوردستان وەك سەرپەرشتیار یان (گەورای ماڵ) خۆیان رِیَكخستە بكەن و شویَن بگرن!،مرۆڤی كورد لە وەها سیستەمیَكدا ماناكانی ئازادی،ناسنامە،لەسەر پیَی خۆ وەستانی لە نووسینەوە بۆ پراكتیك و كرداریی گواستوەتەوەو بە شیَوەی رِاستەوخۆ بەرجەستەی كردوە،رِەنگە كەسانیَك بپرسن باشە ئەگەر كورد خاوەنی ئەم سیستەمەیە بۆ ئەم هەموو كوشتن و جیاكاریی رِەگەزی و چینایەتی و هتد..لە كۆمەڵگادا بوونی هەیە؟هەر چەندە بۆ وەڵامی ئەمە بە تەنیا یەك بابەتی بەڵگەدارو گرنگ پیَویستە،بەڵام لانی كەم یەژین ئاخر ئەو ستەمە كۆمەڵایەتییانە هاوردەی دەرەكیین و لە كوردستان بەجیَكراون،كەسنیَك هەستاون بەو كارانەو ئیَستا كۆمەڵگە،مرۆڤ و ژینەكەمان پیَوەی گیرۆدەیە، هەر وەك ئیَستاش كەسانیَك بە ناوی پیَشكەوتن و مۆدیَرنەو ئازادی و دیموكراسی و چەند شتیَكی دیكەوە خەریكە ماڵی كوردو ناسنامەو زووان و دیرۆك و پیَكەوەژیان و شارستانیەتمان كاول و ویَران دەكەن،لیَرەدا مەبەستم ئەوە نیە كە ئەو چەمكانەی باسمكردن باشن یان خراون نەخیَر مەبەستم ئەوەیە ئیَمە بەرنامەو كارو پرۆژەو چەمكو زانخوازیی و بیَخیاریی(٤) خۆمان لا بیَ بایەخ و كەمواتایە ئەمەش وا دەكات توشی قەیرانی ناوخۆیی بین و تا دیَت لە ناسنامەی رِاستەقینەی خۆمان هەم وەك كورد و هەمیش وەك مرۆڤ دوور دەكەوینەوە،نیشتمانی ئیَمە لانكەو بیَشكەی(٥) مرۆڤایەتی و ناوەندی شارستانیی رِۆژهەڵاتەو دەبیَت خاوەن لەو رِاستیانە بە كاری باشی بەرجەستەكراو دەركەوین،پیَویستە بە گەرِانەوەمان بۆ سەرچاوەی ئاكار(ئەخلاق)ی بەرزو رِەوشتی مرۆڤێتی ژیان پیَشبخەین و ئازادی و شادی و ئاسودەیی بەرپا بكەین و بە پتەوكردنی یاسا سورشتییە ئەخلاقییەكان جیَ بە یاسا دەستكردەكان لیَژكەین،چونكە یاسای سروشتی و ئەخلاقی لەسەر كاكڵ و ناوەرِۆكی مرۆڤ بەرهەم هاتوە بە پیَچەوانەی یاسای دەستكرد كە لە پتر لە شكڵ و شیَوەو چەمكی مرۆڤ،ئازادی،ژیان دەكۆڵیَتەوەو خۆی بنیاتناوە،لە یاسای ئەخلاقییدا مرۆڤ خوداو سروشت و ژینگە ویژدانی خۆی دەكاتە چاویَر بە پیَچەوانەی یاسا دەستكردەكان كە تەنیا لە چەند شویَنیَك وەك چاودیَر دەردەكەون،

ماوەتەوە بیَژین ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگریَت و ئیَمەش كەممان لەسەر نووسی،بەڵام لانیكەم پەیاكەمان كە رِاستینەی چەمكی دەستەجەمیی كۆمەڵایەتییە دەگەیەنین،با بگەرِیَینەوە بۆ سروشت و مرۆڤێتیی رِاستەقینە بۆ ئەوەی ژینكە لیَمان دڵگران و زویر نەبیَت..

پەراویَزەكان (پترگۆیی)

١-پەیڤی دەستەجەمی لە دوو پەرتی (دەست+ە) و (جەم+ی) پیَكهاتووە،هەردوو وشەكە تەواو كوردین یەكەم واتای دەستە،دووەم واتای كۆیەو بە پیَچەوانەی هەندیَك رِاوە لە (جەمع)ی عەرەبییەوە نەهاتوە،بەڵكو پیَچەوانەكەی رِاستەو جەمع لە جەمەوە وەرگیراوە،نمونەش وشەگەلی دیَرینی (جەمخانە،جەماوەر،جەما و تاد...)ن،واتای كۆی پەیڤەكە دەكاتە (كاری پیَكەوەیی و یەكسانی و كۆكاریی)،

٢-له بابەتی ئاوها كوردتدا ناتوانین هەموو بەڵگەو باسەكان لەسەر ژیانی دەستەجەمیی كۆمەڵایەتی له كوردستاندا،باس بكەین،ئەوه پێویستی به نەك یەك بابەتی كورت بەڵكو چەندان پەرتوك و كتاوی مەزنی لێكۆڵینەوه هەیە،كاری ئێمه لێرەدا تەنیا كردنەوەی دەرچەیەكه لەسەر بابەتەكەو به هیوای توێژینەوەی زانستی و بەڵگەنامەیی و مێژوویی گرنگ لەم بارەوەین، .

٣-وڵاتی شاخ ناوێكه له ناوەكانی كوردستان و له كۆندا به (ئاخكۆ) ناوبراوه كه دەكاته خاكی چیاكان،وڵاتی ڕۆژ دیسان ناوی كوردستانەو واتای وڵاتی ڕۆژپەروەری و خۆرپەروەری و خۆشەویستیی خۆرو هەروەها ئاماژەیه بۆ دینی مەزدییەسنای زەردەشتی،وڵاتی كشتوكاڵ واتا سەرچاوەی سەرەتای كشتوكاڵ و بۆ ئەمەش گوندی چەرمۆ له نزیك چەمچەماڵ له باشوری كوردستان،وڵاتی ئاواز مەبەست لەوەیه كه ڕەنگه ئەگەر لێكۆڵینەوەی دروست و كوردانه بكرێت (هۆرەو سیاچەمانەو ئایران-حەیران-)وەك كۆنترین ئاوازەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانیش دەر بكەون و سەرچاوەی تەواوی ئاوازەكانی دیكه بن،چونكه ئەو ئاوازانه به تایبەت (هۆره،هۆرا،هووره) لەتەك گشت جومگەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەگی داكوتاوەو وەك ئاوازێكی كەونارای ژیانی هەرەوەزی و دەستەجەمی و تێكۆشانیش دەردەكەوێت،هەنگوین ئاماژەیه بۆ زۆری ئەو سامانه نیشتمانییه له كوردستان،قەڵا نیشانەیه بۆ بوونی گەڵاگەلی زۆر له كوردستان بۆ وێنه قەڵای ئامەد،هەولێر،كەركوك،دمدم،سپی حەسار،خورەمئاوا،شێروانه و چەندان قەڵای دیكه كه لێرەدا بابەتەی پێ زۆر ناكەین،ژن مەبەست له مەزنەژنەكانه كه پێش چەندان هەزار ساڵ كوردستانیان به شێوەی دەستەجەمیی و ئەنجومەن بەرێوەبردوه،ئاگر مەبەست له خۆشەویستیی ئاگره لای كوردان كه وڵاتەكەیان شاخاوی و ساردەو ئینجا ئاگر ڕەمزی ڕووناكی و ڕوونكەرەوەی شەوەزەنگە،ئاشتی پەیامی زەدەرشتی پەیامبەری یەكتاپەرستی و چاكەخوازە،.

٤-وشەكانی زانخوازیی و بێخیاری دوو وشەی (پرۆژەی مەدیا بۆ پتەوكردنی زمانی كوردی)ن،كه واتای فەلسەفەو مەبدەئە،.

٥-برێك سەرچاوه كوردستان به لانكەی یەكەمی سەرهەڵدانی مرۆڤ دەناسێنن،هەندێكی دی وەك لانكەی دووەمی مرۆڤایەتی دوای زریانی مەزن باسی دەكەن،بەهەرحاڵ(به هەردۆخ) كوردستان وڵاتێكی له مێژینەو فەرهەنگدارە،.